Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service

## تۆ مۆڵەتی مانەوەت لە فینلەندا وەرگرتووە

فەرمانگەی کۆچ بڕیاری پۆزەتیڤی داوە بۆ داوای پەنابەریەکەت.
واتا تۆ لەسەر بنەمای داوانامەکەت مۆڵەتی مانەوەی کاتیت وەرگرتووە لە فینلەندا.

## دوای وەرگرتنی بڕیارەکەت یەکسەر پارێزەرەکەت یان کارمەندی کامپەکەت ئاگاداربکەرەوە

پارێزەرەکەت و کامپی پەنابەران زانیاری بڕیارەکەی تۆیان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بۆ ناچێت.

ئەوە گرینگە کە کارمەندی کامپەکەت ئاگاداربکەیتەوە لەوەی کە مۆڵەتی مانەوەت وەرگرتووە. لەو کاتەدا کارمەندی کامپەکە دەتوانێت ڕێنماییت بکات کە لەوە بەدوا چی دەکرێت.

هەروەها بە پارێزەرەکەشت بڵێ کە بڕیاری فەرمانگەی کۆچت وەرگرتووە.

## لەگەڵ بڕیارەکە کارتی مۆڵەتی مانەوەت پێ دەدرێت

کارتی مۆڵەتی مانەوە بەڵگەی ئەوەیە کە تۆ مافی مانەوەت هەیە لە فینلەندا. لە کارتەکەدا نووسراوە هەتاکو کەی مۆڵەتی مانەوەکەت کاری پێ دەکرێت.

کارتەکە ون مەکە. ئەگەر کارتەکەت ون کرد، کاتێك بگرە لە خاڵی خزمەتی فەرمانگەی کۆچ بۆ ئەوەی بتوانن کارتێکی نوێت بۆ داوا بکەن. کارتی نوێ بە پارەیە.

## کاتێك کە لە فینلەندا دەژیت، دەبێت بەڵگەنامەیەکی گەشتکردن (پاسەپۆرت)ێکت هەبێت کە ماوەکەی بەسەرنەچووبێت

بەپێی یاسای فینلەندا، پێویستە تۆ بەڵگەنامەی گەشتکردن (پاسەپۆرت)ت هەبێت کە ماوەکەی بەسەرنەچووبێت.ئەگەر بەڵگەنامەی گەشتکردنت هەبێت دەتوانیت گەشت بکەیت بۆ دەرەوەی فینلەندا و بگەڕێیتەوە بۆ فینلەندا.

- **ئەگەر لە فینلەندا پێگەی پەنابەریت وەرگرتووە یان پێگەی پارێزگاریکردنی پلە دووت وەرگرتووە**

ئەگەر پێگەی پەنابەریت پێ دراوە یان پێگەی پارێزگاریی پلە دووت پێ دراوە لە فینلەندا، بۆت هەیە پاسەپۆرتی وڵاتەکەی خۆت بەکاربهێنیت یانیش ئەگەر بتەوێت دەتوانێت داوای بەڵگەنامەی گەشتکردنی پەنابەران یان پاسەپۆرتی بێگانەکان بکەیت. نابێت لەهەمان کاتدا پاسەپۆرتی وڵاتەکەت و بەڵگەنامەی گەشتکردنی فینلەندات هەبێت. ئەگەر پاسەپۆرتی وڵاتەکەی خۆت هێشتا ماوە، ئەوسای کە بەڵگەنامەی گەشتکردنی پەنابەری یان پاسەپۆرتی بێگانە وەردەگریت دەبێت ئەو پاسەپۆرتەی خۆت ڕادەستی فەرمانگەی کۆچ بکەیت.

ئەگەر پاسەپۆرتی وڵاتەکەی خۆتت نیە، دەبێت داوای بەڵگەنامەی گەشتی پەنابەران یان پاسەپۆرتی بێگانەکان بکەیت:

- ئەگەر مافی پەنابەریت وەرگرتووە، دەتوانیت بەڵگەنامەی گەشتی پەنابەر وەربگریت.
- ئەگەر مافی پارێزگاریی پلە دووت وەرگرتووە، دەتوانیت پاسەپۆرتی بێگانەکان وەربگریت. داوانامەکان بە پارەن.

ئەوەت لەبیربێت، ئەگەر دوای وەرگرتنی پێگەی پەنابەری یان پێگەی پارێزگاریی پلە دوو پاسەپۆرتی وڵاتەکەی خۆت دەربهێنیت، لەوانەیە ئەوە ببێتە هۆی کۆتاییهێنان یان کێشانەوەی پێگەی پەنابەریەکەت یان پێگەی پارێزگاریی پلە دوو

- ئەگەر لەسەر بنەمایەکی تر مۆڵەتی مانەوەت وەرگرتووە

ئەگەر لەسەر بنەمایەکی تری جیاواز لە پێگەی پەنابەری یان پارێزگاریی پلە دوو مۆڵەتی مانەوەت وەرگرتووە، پێویستە پاسەپۆرتی وڵاتەکەی خۆت هەبێت کە ماوەکەی بەسەرنەچووبێت یان دەبێت پاسەپۆرتێکی نوێی وڵاتەکەی خۆت دەربهێنیت.

لەکاتێکدا دەتوانیت پاسەپۆرتی بێگانەکان وەربگریت ئەگەر کاربەدەستانی وڵاتەکەت پاسەپۆرتت پێ نەدەن، یان ڕەگەزنامەت نەبێت، یان هۆیەکی تری تایبەت هەبێت بۆ داوای پاسەپۆرتی بێگانەکان. لەم حاڵەتەدا فەرمانگەی کۆچ بیری لێ دەکاتەوە ئایا دەکرێت پاسەپۆرتی بێگانەکان بە تۆ بدرێ یان نا. داوانامەکە بە پارەیە.

## - لە بڕیارەکەدا باسی مافی کارکردنت کراوە

لە بڕیارەکەدا باسی ئەوە کراوە کە ئایا تۆ مافی کارکردنت هەیە لە فینلەندا یان نا. هەروەها دەتوانیت لە کارتی مۆڵەتی مانەوەکەشتدا مافی کارکردنەکەت بخوێنیتەوە.

## تۆ دەبیتە یەکێك لە دانیشتوانەکانی شارەوانی

کارمەندی کامپی پەنابەران بانگهێژت دەکات بۆ چاوپێکەوتن و سەبارەت بەو شتانەی کە تایبەتن بە گوازرانەوە بۆ سەر شارەوانی ڕێنماییت پێ دەدات. ئەو یارمەتیت دەدات بۆ گەڕان بەدوای خانوو. هەروەها خۆتیش دەتوانیت بەدوای خانوودا بگەڕێیت. لەگەڵ کارمەندی کامپەکەدا سەبارەت بە پلانی خۆت گفتوگۆ بکە.

لەکاتی گواستنەوەدا بۆ سەر شارەوانی، ئەو فەرمانگانەی کە کارت پێیان دەبێت بۆ نموونە، دەزگای زەمانەتی کۆمەڵایەتی (کێلا Kela)، فەرمانگەی کار و گەشەپێدانی ئابووری TE-toimisto و دەزگای دیجیتاڵ و فەرمانگەی تۆماری دانیشتوان Digi- ja väestötietovirasto، دوابەدوای گوازرانەوەت چیتر تۆ نەفەری کامپی پەنابەران نیت. خزمەتەکانت وەکو چارەسەری تەندروستی و خزمەتە کۆمەڵایەتیەکان لە شارەوانیەکەت وەردەگریت.

## بۆت هەیە بخوێنیت بەبێ مۆڵەتێکی جیاواز

بۆت هەیە داوای شوێنی خوێندن بکەیت و ئەگەر شوێنی خوێندنت پێشکەش کرا دەتوانیت وەری بگریت. بۆ خوێندن پێویستیت بە مۆڵەتێکی جیاواز نیە.

## هەروەها دەتوانیت داوای کارتی کەسێتی لە پۆلیس بکەیت

دەتوانیت داوای کارتی کەسێتی بکەیت لە پۆلیس کە کارتێکی ناسنامەی کەسێتی فەرمیە. ئەو کارتە جێبەجێکردنی کاروبارەکانت لە فینلەندا ئاسان دەکات. ئەو بڕوانامە کەسێتیە بۆ نموونە بۆ کردنەوەی ژمارە بانکی لە فینلەندا پێویستت دەبێت. داوانامەکە بە پارەیە.

Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service

لەبیرت بێت، بەڵگەنامەی گەشتکردنی پەنابەر یان پاسەپۆرتی بێگانەکان بە فەرمی دانانرێن، تەنانەت لەو ئەگەر لەسەریشی نەنووسرابێت دڵنایی نیە لەسەر ناسنامەی ئەم کەسە. زانیاری زیاتر سەبارەت بە دڵنیایی ناسنامەی کەسێتی لە ماڵپەڕی ئینتەرنێتی فەرمانگەی کۆچ هەیە: migri.fi/henkilollisyys-varmistamatta.

## ئێستاکە ئەندامی خێزانەکەت دەتوانێت داوای مۆڵەتی مانەوە بکات لە فینلەندا

لە یاسای فینلەندا دیاریکراوە ئەو جۆرە ئەندامی خێزانانە کێن کە دەتوانن مۆڵەتی مانەوە لە فینلەندا وەربگرن. مەرجەکانی وەرگرتنی مۆڵەتی مانەوەی ئەندامی خێزان بەوەوە بەندە کە تۆ خۆت چی جۆرە مۆڵەتێکی مانەوەت وەرگرتووە. داوانامەکە بەپارەیە.

ئەگەر پێگەی پەنابەریت وەرگرتووە، باشتر وایە ئەو شتە ڕەچاو بکەیت کە لە یاسای فینلەندا هەندێك ماوەی دیاریکراو هەیە کە پەیوەندییان بەوەوە هەیە ئایا پێویست دەکات بژێوی ژیانی ئەندامی خێزانەکەت زامن کرابێت یان نا. ئەگەر پێگەی پەنابەریت لە فینلەندا وەرگرتووە لەگەڵ بڕیارەکەدا ڕێنماییەکت پێ دەدرێت کە تیایدا باسی زانیاری زیاتر  لەسەر ئەم بابەتە کراوە و چۆن ئەندامی خێزانەکەت دەتوانێت داوای مۆڵەتی مانەوە بکات لە فینلەندا.

زانیاری زیاتر سەبارەت بە داوای مۆڵەتی مانەوەی ئەندامی خێزان لە ماڵپەڕی ئینتەرنێەکەمان هەیە: migri.fi/perheenjasenen-luokse-suomeen.

## لەبیرت بێت مۆڵەتی مانەوەکەت نوێ بکەیتەوە

بۆ ئەوەی بتوانیت لە مانەوەتدا بەردەوام بیت لە فینلەندا، دوابەدوای تەواوبوونی کاتی مۆڵەتی مانەوەکەی ئێستات دەبێت داوای درێژەپێدانی مۆڵەتەکە بکەیت لەو بەروارەوە کە مۆڵەتەکەی ئێستات کۆتایی دێت.

باشتر وایە داوانامەی درێژەپێدانی مۆڵەت ئەوەندەی بتوانرێت لە ئینتەرنێتدا بکرێت. لە ماڵەپەڕی ئینتەرنێتەکەماندا ڕێنماییەکان بخوێنەوە: migri.fi/jatkolupa

دوای ئەوەی داوانامەکە پڕدەکەیتەوە، هەر لە ئینتەرنێتدا لە خاڵی خزمەتەکان کاتێك بگرە یان بۆ  خۆناساندن یانیش بۆ پێشکەشکردنی داوانامەکە. خزمەتی کات گرتن لە ماڵپەڕی ئینتەرنێتەکەماندا دەدۆزیتەوە: migri.vihta.com.

پێش ئەوەی بگەیتە خاڵی خزمەت، دڵنیابە لەوەی کە هەموو ئەو شتانەی کە پێویستن لەگەڵ خۆتدا هێناوتن. ڕێنمایی چۆنێتی مامەڵەکردن لە خاڵی خزمەتەکەدا لە ماڵپەڕی ئینتەرنێتی فەرمانگەی کۆچ بخوێنەوە: migri.fi/nain-asioit-palvelupisteessa.

## ئەگەر داوای مۆڵەتی درێژەپێدان یان بەڵگەنامەی گەشتکرن دەکەیت و زانیاریەکانی پەیوەندی پێوەکردنت گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، یەکسەر فەرمانگەی کۆچ لەو گۆڕانکاریانە ئاگاداربکەرەوە

هەمیشە لە کاتێکدا کە داوانامەکەت لە فەرمانگەی کۆچدا لە تاوتوێکردندا بێت، پێویستە زانیاریەکانی پەیوندی پێوەکردنت و هەروەها  گۆڕانکاریەکانیش تیایاندا بە فەرمانگەی کۆچ ڕابگەیەنیت. لەکاتی تاوتوێکردنی داوانامەکەت دەکرێت فەرمانگەی کۆچ بە نامەی ئاسایی پۆستت بۆ ڕەوانەی ماڵەوە بکات، یان بەنامەیەك ئاگاداریی گەیشتنی شتێکی نێردراوت بۆ بێت کە دەبێت بچیت لەو شوێنە وەری بگریت کە لە ئاگاداریەکدا نووسراوە.

ئەگەر داوانامەکەت بەڕێگای ئینترنێت کردوو، زانیاریەکانی پەیوەندی پێوەکردنت لە ئینتەرنێتدا لە خزمەتی Enter Finland بگۆڕە: enterfinland.fi

ئەگەر داوانامەکەت بە کاغەز کردووە، زانیاریەکانی پەیوەندی پێوەکردنت کە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە بەو فۆڕمە ڕابگەیەنە کە لە ماڵپەڕی ئینتەرنێتەکەمان هەیە: migri.fi/muutoksista-ilmoittaminen

فۆڕمەکە یان بە پۆست بینێتە یان بیهێنە بۆ خاڵی خزمەتی فەرمانگەی کۆچ لە کاتەکانی کارکردندا. فۆڕمەکە بخەرە زەرفێکی نامەوە و بیخەرە سندوقی پۆستی خاڵی خزمەتەکەوە.

## دەکرێت پێگەی پەنابەریەکەت یان پێگەی پارێزگاری پلە دووەکەت لە هەندێك حاڵەتدا کۆتایی پێبهێنرێت یان بکشێنرێتەوە

دەکرێت پێگەی پەنابەریەکەت یان پێگەی پارێزگاریە پلە دووەکەت کۆتایی پێبهێنرێت و مۆڵەتی مانەوەکەت لێ بسەنرێتەوە، ئەوەش بۆ نموونە لەکاتێکدا ئەگەر گەشت بکەیت بۆ وڵاتەکەی خۆت یان پاسەپۆرتی وڵاتەکەی خۆت وەربگریت.

دەکرێت پێگەی پەنابەریەکەت یان پێگەی پارێزگاریە پلە دووەکەت بکشێنرێتەوە ئەگەر زانیاری هەڵە یان هەڵخەڵەتێنەرت دابێت بە کاربەدەستان کە کاریگەریان هەبووبێت لەسەر بڕیارەکە.

هاوکات لەگەڵ بیرکردنەوە لە کۆتاییهێنان یان کێشانەوە، فەرمانگەی کۆچ لەوەش دەکۆڵێتەوە کە ئایا بنەما هەیە بۆ مۆڵەتی مانەوەکەت یان نا. لەو کاتەدا فەرمانگەی کۆچ لە هەمان کاتدا بیر لەوەش دەکاتەوە کە ئایا دەکرێت تۆ لە فینلەندا دەربکرێیت و هاتنەوەت بۆ ئەم وڵاتە لێ قەدەغە بکرێت.

تۆمەتباربوون بە تاوانکاری دەکرێت ببێتە بنەما بۆ  ئەوەی پێگەی پەنابەریەکەت یان پێگەی پارێزگاری پلە دووەکەت دووبارە پیاچوونەوەی بۆ بکرێت. دەکرێت ئەو پیاچوونەوەیەش کۆتاییهێنان یان کێشانەوەی پێگەی پەنابەریەکە یان پێگەی پارێزگاری پلە دووکە و لە وڵات دەرکردنی بەدواوەبێت.

## دواتر دەتوانیت داوای ڕەگەزنامەی فینلەندی بکەیت

ئەو ماوەیەی کە بۆ نیشتەجێبوون داواکراوە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە لەسەر چی بنەمایەك مۆڵەتی مانەوەت وەرگرتووە و ئایا ئەوەندە زمانی فینلەندی یان سویدی دەزانیت کە داواکراوە. مەرج بۆ وەرگرتنی ڕەگەزنامە ئەوەیە کە ناسنامەی کەسێتیەکەت بەشێوەیەکی باوەڕپێکراو ڕوونکرابێتەوە. هەروەها دەبێت لە ڕووی ئابووریشەوە لە فینلەندا گوزەرانت باش بێت. تاوانکاری بۆی هەیە ڕێگری بکات لە وەرگرتنی ڕەگەزنامە.

## زانیاری زیاتر لەم شوێنانە دەست دەکەون

- ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتی فەرمانگەی کۆچ: migri.fi/turvapaikka-suomesta